گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# شیکردنەوەی شوێنی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (GIS)

**م.ی. سەنگەر احمد حسێن**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
sangar.hussein@su.edu.krd

**م.ی. هۆشمند جوهر عباس**
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
hoshmand.abbas@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٣/٢٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٥/٣١
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
Health Development, Efficiency of Use, Spatial Variation, Spatial Planning, Service Standards

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.4.3

## پوختە

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ بەشێکی سەرەکییە لە خزمەتگوزارییەکانی ناوچەی توێژینەوە بە تایبەتی لەمساڵانەی دواییدا، لەبەر ئەوەی قەزاکە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، بە تایبەتی لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و ئاوەدانییەوە، کە بێ گومان ڕەنگدانەوەی بەسەر خزمەتگوزارییەکاندا دەبێت.

مەسەلەی گونجاندن لەنێوان دابەشبوونی خزمەتگوازرییەکان بە گشتی و خزمەتگوازری تەندروستی بە تایبەتی، لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی ڕوویانداوە بە یەکێك لە گەورەترین لەمپەر دادەنرێت، کە ڕووبەڕوی، پلاندانەران دەبێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان شیکردنەوەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانە لە قەزای زاخۆدا، لەگەڵ دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرامبەر بە دانیشتوانیی ناوچەکە و پاشانیش مەزەندەکردنی پێداویستییەکان لە ئێستا و لە داهاتوودا.

بەپێی پلان توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر سێ بەش: بەشی یەکەم تایبەت بە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوازرییەکان لە قەزای زاخۆدا. بەشی دووەم: بۆ شیکردنەوەی شوێنجێیەتی خزمەتگوازرییە تەندروستییەکانی قەزاکە تەرخان کراوە. لە بەشی سێیەمدا هەڵسەنگاندن بۆ توانستی وەزیفی و خزمەتگوزاری تەندروستی و توانستەکانی و ئاسۆی داهاتووە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کراوە.

## پێشەکی

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە یەکێك لە خزمەتگوزارییە گرنگەکان دادەنرێت، کە پێشکەشی کۆمەڵگا دەکرێت، چونکە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و هۆکارێکی سەرەکییە لە هۆکارەکانی پەرەپێدان. ئاشکرایە خزمەتگوزاری تەندروستی وەك پێویستییەکی بنەڕەتی دەرخەری پێشکەوتنی کۆمەڵگایە، لەبەر ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان ئاستی تەندروستی بڕیار لەسەر ئاراستەکردنی پەرەپێدان لە هەر بەشێك لە بەشەکانی جیهان دەدات. لەو سۆنگەیەوە گرنگیدان بە خزمەتگوازرییە تەندروستییەکان بۆتە پێویستییەکی بەردەوام، چونکە کەرتی تەندروستی یەکێکە لە گرنگترین کەرتەکانی پەیوەست بە ئایندەوە.

شایەنی گوتنە، لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا چەندین ڕێگا و شێوازی چارەسەر دەرکەوتن و گەشەیان کرد، یەکێك لەوانە شیکردنەوەی ئاماری پێشکەوتووە لە ڕێگای پرۆگرامی سیستمی زانیاریی جوگرافی (GIS)، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت لێکدانەوەی ڕەهەندە شوێنییەکانی دابەشبوونی دیاردەکان بکرێت و پاڵنەرە سەرەکییەکانی دەسنیشان بکرێت.

لە ڕاستیدا، لەم توێژینەوەیەدا توێژەران تەنیا کاری لەسەر خزمەتگوزاری تەندروستیی کەرتی گشتی (حکومی) کردووە و باسی لە خزمەتگوازری تەندروستیی کەرتی تایبەتی (ئەهلی) نەکردووە. لە ڕووی کارگێڕییەوە قەزاکە لە سەنتەری قەزاکە(.زاخۆ) و (٣)سێ ناحیە پێکدێت، و ڕووبەرەکەی دەگاتە (1451.74کم٢) یە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(١) :ڕووبەری یەکەکارگێڕییەکانی قەزای زاخۆ (کم٢)،وڕێژەکانیان 2020

| ڕ | یەکەی کارگێڕی | ڕووبەر | ٪ |
|---|---|---|---|
| ١ | زاخۆ/سەنتەر | 11.76 | 0.81 |
| ٢ | درکار | 548.89 | 37.80 |
| ٣ | باتیفا | .527.56 | 36.33 |
| ٤ | ڕزگاری | 363.53 | 25.04 |
| ڕووبەری گشتی قەزاکە | | 1451.74 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەستن بەبەرنامەی ArcGis.v.10.8 .

## گرنگی لێکۆڵینەوە:

١ -گەشەی زۆری دانیشتوان و گەشەپێدانی شارستانی لە قەزای زاخۆ پێویستی بەخوێندنێکی ورد هەیە بۆ دابەشکردنی شوێنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و ڕێگاکانی پەرەپێدانیان، بەهۆی گرنگیی کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستی.

2- ئەم توێژینەوەیە یارمەتی دروستکردنی داتابەسێکی نوێ دەدات، کە بە هۆیەوە دەتوانرێت لە بونیادی پلاندانی کەرتی تەندروستی و کێشەکانی بەردەمی پشتی پێی ببەسترێت.

## ئامانجی لێکۆڵینەوە:

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بریتییە: لە شیکردنەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ، بەکارهێنانی تەکنیکێکی مۆدێرن لەپرۆسەی لێکۆڵینەوەی پلاندانانی شوێنیی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان هەروەها دەرخستنی ئاستی توانستەکانیان بەرامبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە و پاشانیش مەزەندەکردنی پێداویستیەکانی لە ئێستا و لە داهاتووی دانیشتوان لە قەزای زاخۆدا.

## کێشەی لێکۆلینەوە :

کێشەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان خۆی لە ناهاوسەنگی لە دابەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ دەبینێتەوە کە لەگەڵ خێرایی گەشەی دانیشتوان و فراوانبوونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قەزاکە هاو جووت نییە ، ئەمەش کاریگەری لەسەر سروشتی ئەدای کرداری ئەو خزمەتگوزارییانە هەیە کە نەتوانن وەکو پێویست کارەکان جێبەجێبکەن خزمەتگوزاری گونجاو و پێویست پێشکەش بە دانیشتوانی ناوچەکە دەکەن.

**گریمانەی لێکۆڵینەوە:**

1- زۆربەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزاکە بەدەست کەمی پێداویستی خزمەتگوزارییەکانەوە دەناڵێن بەتایبەتی چارە پزیشکییەکان.
2.- خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی کارا دابەش نەکراون و لەگەڵ ستانداردەکانی پلانداناندا رێک نەخراون، سەرباری ئەوەش هاوسەنگییەک لە نێوان دابەشکردنی شوێنی ئەو خزمەتگوزارییانە و گەشەکردن و قەبارەی دانیشتواندا نییە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

لێکۆڵینەوە زانستییەکان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان پێویستیان بە میتۆدێک یان چەند میتۆدێک هەیە، توێژەرانیش لەم لێکۆڵینەوەیە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان پشتیان بە میتۆدی ئیستقرائی بەستووە، لە هەمان کاتدا میتۆدی شیکاری و شیکاری ئاماریش بەکار هاتووە، بۆ دەستنیشانکردن وشیکردنەوەی شوێنجێیەتی دابەشبوون وتوانستەکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی هەندێك ئاماژە و پێوانەی پلاندانان تایبەت بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

**پلانی لێکۆلینەوە :**

ئامانجی لێکۆڵینەوە وا دەخوازێت لێکۆڵینەوەکە دابەش بکرێت بۆ سێ بەش: لە بەشی یەکەم ئاماژە بە ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکان لە قەزای زاخۆدا کراوە، لە بەشی دووەمدا هەڵساوین بە ئەنجامدانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزاکەیە. ولە بەشی سێیەم تیشک خراوەتە سەر هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی توانستەکانی و ئاسۆیی داهاتووی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزاکە خراوەتە ڕوو.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-ناساندنی ناوچەی لێکۆلینەوە و دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان

قەزای زاخۆ لەڕووی جوگرافییەوە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان عێراق، بە دووری 35 کم دەکەوێتە بەشی باکوری رۆژئاوای شاری دهۆک. زاخۆ شوێنێکی ستراتیژی هەیە و ئەلقەی بەیەکەوە گرێدراوی عێراق، تورکیا، سوریا یە. (بروانە: نەخشەی ژمارە 1).

لە رووی ئەسترۆنۆمی (فەلەکی) یەوە قەزای زاخۆ دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ($^{5}$37:06' - 37 : 11' $^{5}$) باکوور، و هەردوو هێلی درێژی (45 :42 $^{5}$ – 37 : 42 $^{5}$) رۆژهەڵاتی گۆیی زەوی .

لە ڕووی کارگێرییەوە قەزای زاخۆ چوار یەکەی کارگێری لە خۆدەگرێت ئەوانیش: ناحییەکانی (ناحیەی سەنتەر و باتیفا و دەرکار و رزگاری ).رووبەری گشتی قەزاکە((٤٠،٧٨) کم٤). بەدووری 10 کیلۆمەتر دەکەوێتە نزیک دەروازەی ئیبراهیم خەلیل لە نزیک سنووری تورکیا، هەروەها 25کم لە سنووری سوریا دوورە. 114کم لە مووسل دوورە.




سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان،وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم،بەشی نەخشەسازی GIS،2020

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەلەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2-1 دابەشبوونی ئێستای خزمەتگوزاریی تەندروستی لە قەزای زاخۆ بۆ ساڵی 2020

دابەشبوون بە واتای ڕێکخستنی دیاردەکان دێت، لە شوێنێکدا بەگوێرەی شێوازێکی تایبەت، هەروەها دابەشبوون خاڵی دەسپێکە لە توێژکردنی دیاردە جوگرافییەکان و هەنگاوێکی پێویستیشە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی دیاردە جیاوازەکان (الخیر،2000،ص 282)، هەر لەبەر ئەمەشە توێژەران بە گشتی و توێژەری جوگرافی و پلاندانەران بەتایبەتی گرنگی پێدەدەن و پشتی پێدەبەستن،هەروەها بەکارێکی گرنگی دادەنێن لە توێژکردنی دابەشبوونی جوگرافی خزمەتگوزارییەکان و دەرخستنی تایبەتمەندییەکانی ئەم دابەشبوونە.

خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ پێشکەش دەکرێت لە ڕێگەی فەرمانگە تەندروستییەکان، کە نەخۆشخانەکان و بنکە سەرەکی و لاوەکییەکان و نۆرینگە ملليی وتایبەتەکان ودەرمانخانەکان وتاقیگەکانی شیکاری نەخۆشی، ئەو پزیشک و کارمەندانەی لەم ناوەندانە کار دەکەن. خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ ئەمانەی خوارەوە لە خۆدەگرێت.

1-2-1 دابەشبوونی ژمارەیی و ڕیژەیی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان:

نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکان بە یەکێك لەو داموەزگا گرنگانە دادەنرێن، کە خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە دانیشتوان دەکەن و ڕۆڵێکی بەرچاویش دەبینن لە کۆکردنەوەی دانیشتوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. ناوچەی لێکۆڵینەوە3 نەخۆشخانە، کە تێکرا 245 قەرەوێلە، لەگەڵ 17 بنکەی سەرەکی و لاوەکی لە خۆی دەگرێت. بنکە سەرەکییەکان کەوتوونەتە سەنتەری قەزا و ناحییەکان، هەرچی بنکە لاوەکییەکانە لە گوندەکاندان وەك لە خشتەی ژمارە (2) و نەخشەی ژمارە (2) بە ڕوونی دەردەکەوێت. لەوەشدا بە جۆرێکە ناحییەی (ناوەند) بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەیی (36.29%) و هەر یەکە لە ناحییەکانی درکار و باتفیا بە دوای یەکدا بە کەمترین ڕێژە (17.41%) دێن. لە ڕاستیدا بە ڕوونی هەست بە نایەکسانییەکی بەرچاو لە دابەشبوونی نەخۆشخانە و بنکە تەندورستییەکان لەسەر ئاستی کارگێڕی قەزاکەدا دەکرێت و لاوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی تێدا بەدی دەکرێت. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە بە ئاشکرا هەست بە نارێکی دابەشبوونی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان بەسەر نیشنگەکان و گوندەکان، چ لە نێو یەك ناحییەدا یاخود تەواوی ناحییەکانی قەزاکە دەکرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


خشتەی (2) دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2020

| یەکە کارگێرییەکان | نەخۆشخانە | ڕێژە (%) | بنکەی تەندروستی | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 3 | 100 | 6 | 36.29 |
| درکار | - | - | 3 | 17.64 |
| باتیفا | - | - | 3 | 17.64 |
| ڕزگاری | - | - | 5 | 29.41 |
| گشتی | 3 | 100 | 17 | 100 |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بە ڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی2022.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی2022.




کاری توێژەران: پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بە ڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی2022.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-2-2 دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی پزیشك و پەرستیار و خاوەن پیشە تەندروستییەکان:**

پزیشك بە گرنگترین جۆری کادیری تەندروستی دادەنرێت و زۆرترین بایەخی خزمەتگوزاری تەندروستی لەدامودەزگا تەندروستییەکاندا هەیە، دابەشبوونی کارمەندانی تەندروستی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێ نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان لە (179) پزیشك پێکدێت و بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشبوون بە سەر نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکاندا. بەجۆرێك ناحییەی سەنتەر (152) پزیشك لەخۆ دەگرێت بە ڕێژەیی (84.91%) لە کۆی ژمارەی پزیشکەکانی قەزاکە، ئەمەش وایکردووە بە پلەی یەکەم بێت لە ڕووی ژمارەی پزیشکەکانی ناوچەکە، بەندە بەوەی ناحییەکە سێ نەخۆشخانە و شەش بنکەی سەرەکی هەیە.

پەرستاریش وەك یارمەتیدەر و ئاسانکەری کار و پیشەی پزیشك ئەرك و فەرمانێکی گرنگ و مرۆیی پر بایەخی لەسەر شانە، کە بریتییە لە چاودێریکردنی نەخۆش و پێدانی داو و دەرمان و برین پێچی و ... هتد. جێگای ئاماژەیە ژمارەی پەرستیارانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، (473) پەرستیارە، بەشێوەیەکی نایەکسان بەسەر یەکە کارگێرییەکان دابەشبووینە، زۆرترینیان لە ناحیەی سەنتەر کە (395) پەرستیار لە کۆی پەرستیارانی قەزاکە، بە ڕێژەیی (83.50%). بەرزی ئەم ڕێژەیە بەندە بە زۆری بنکە تەندروستییەکان و هەروەها بوونی نەخۆشخانە و دووری لە سەنتەری دهۆك. و پاشان ناحیەی ڕزگاری دێت ژمارە (31) پەرستیارە و بەڕێژەیی (6.55%) و پاشان ناحیەکانی درکار و باتیفا یەك لەدوای یەك بە (25- 22) پەرستیار بە ڕێژەیی ( 5.28 % - 4.65%). (بروانەی خشتەی ژمارە 3)

سەبارەت بە خاوەن پیشەی تەندروستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەیان (277) خاوەن پیشەی تەندروستین، بەهەمان شێوەی کارمەندە تەندروستیەکانی تر بە شێوەیەکی نایەکسان دەبینرێت لەناوچەی لێکۆڵینەوە، زۆرترینیان لە ناحییەی سەنتەرە (241)، بە ڕێژەیی ( 87%) لە پاشان ناحیەکانی باتیفا و درکار دێن یەك لەدوای یەك بە ڕێژەیی (3.97 - 3.24%). . وەك ئاماژەمان بۆ کرد بێپلانییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی کارمەندانی تەندردوستی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش بەندە بە کۆمەڵێك هۆکار لەوانە دووری قەزاکە لە سەنتەری دهۆك و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمە جگە لە نەبوون یاخود جێبەجێنەکردنی پێوەرەکانی پلاندانانی شارستانییەتی تایبەت پێیان.


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە (3) دابەش بوونی ژمارەیی و ڕێژەیی پزیشك و پەرستار و خاوەن پیشە تەندروستییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2020

| یەکە کارگێریەکان | پزیشك | ڕێژە(%) | پەرستار | ڕێژە(%) | خاوەن پیشەی تەندروستی | ڕێژە(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری | 152 | 84.91 | 395 | 83.50 | 241 | 87 |
| درکار | 9 | 5.02 | 25 | 5.28 | 11 | 3.97 |
| باتیفا | 11 | 6.06 | 22 | 4.65 | 16 | 5.77 |
| رزگاری | 7 | 3.91 | 31 | 6.55 | 9 | 3.24 |
| گشتی | 179 | 100 | 473 | | 277 | 100 |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2020 . 2- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2020




سەرچاوە: خشەی (3).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣-2-1 دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دەرمانخانە و تاقیگە و نۆرینگە تایبەتییەکان:**

دەرمانخانەکان کە ئەرکیان پێدان و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پێویستە بۆ دانیشتوان، بە بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستی هەژمار دەکرێت، هەروەها تاقیگەیەکان کە ئەرك و کاریان بریتییە لە شیکردنەوە و دەستنیشان کردنی جۆری نەخۆشیەکە، بەمەش دیاریکردنی کار و پرۆسەی پزیشك ئاسانتر دەکات ، لە ڕێگای ئەم تاقیگانەوە پزیشك دەتوانێت بڕیاری چارەسەر بدات بۆ نەخۆش و هاووڵاتی. هەرچی نۆرینگە پزیشکیەکانە جۆرێکن لە خزمەتگوزاریە تەندروستییە تایبەتییەکان ، ئەویش شانبەشانی کۆی پرۆسەی خزمەتگوزاری تەندروستی بە بەشێکی گرنگ و تەواوکەری تەواوی پرۆسەکە هەژمار دەکرێت. لە ناوچەی توێژینەوەدا، بێپلانییەکی ڕوون بەدی دەکرێت لە ژمارە و دابەشبوونی ئەم سێ خزمەتگوزارییە تەندروستییە. خشتەی (4) ئاماژە بە دابەشبوونی دەرمانخانە و تاقیگەو نۆرینگە تایبەتەکان دەکات، بۆمان دەردەکەوێت ناوچەی لێکۆلینەوەدا تەنها (23) دەرمانخانە لەخۆ دەگرێت . بەشێوەیەکە هەر یەك لە ناحییەکانی درکار و باتیفا و ڕزگاری دوو دەرمانخانەیان هەن، باقییەکیتر (17) دەرمانخانە دەمێنێتەوە، تێکڕایان لە ناحییەی سەنتەرن، ئەنجام دەتوانرێـت بوترێت ئەم شێوە دابەشبوونە بێپلانی لایەنی پەیوەندار دەخاتە ڕوو.

سەبارەت بە تاقیگەکان کە ژمارەیان (16) تاقیگەیە، بەشێوەیەکی نایەکسان دابەشبوونە بەسەر یەکە کارگێرییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە، بەجۆرێك ناحیەی سەنتەر بەرزترین ڕێژە لەخۆ دەگرێت بە ڕێژەی (68.75%) و بە پلەی دووەم ناحیەی هەریەك لە ناحیەکانی درکار و باتیفا بە ڕێژەیی (12.5%) دێن.

هەرچی تایبەتە بە نۆرینگە تایبەتەکان لەناوچەی لیکۆڵینەوە ژمارەیان (37) نۆرینگەیە ناحیەی سەنتەر (17) نۆ نۆرینگە بە ڕێژەیی (48.64%) هەریەك لە ناحیەکانی باتیفا و درکا یەك لەدوای یەك بە ڕێژەیی (16.21-21.62%) دێن.

خشتەی ژمارە (4) دابەشبوونی ژمارەیی و ڕێژەیی دەرمانخانەکان و تاقیگە و نۆرینگە تایبەتییە لەناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2020

| یەکە کارگێریەکان | دەرمانخانە | ڕێژە(%) | تاقیگە | ڕێژە(%) | نۆرینگەی پزیشکی | (%)ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 17 | 73.91 | 11 | 68.75 | 18 | 48.64 |


ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دركار | 2 | 8.69 | 2 | 12.5 | 6 | 16.21 |
| باتيفا | 2 | 8.69 | 2 | 12.5 | 8 | 21.62 |
| رزگاری | 2 | 8.69 | 1 | 6.25 | 5 | 13.51 |
| گشتی | 23 | 100 | 16 | 100 | 37 | 100 |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2020.

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە ساڵی 2020




سەرچاوە: خشەی (4).

3- شیکردنەوەی تایبەتمەندی شوێنجیی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جوگرافیا ئەوەیە، کە بەزۆری پێوەرەکانییەوە ناسراوە. دەربارەی دابەشبوونی دیاردەکان، کە دەکرێت زیاتر لە پێوەرێك بەکاربهێنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان و هەریەکێکیش لەو پێوەرانە ئاماژە و تایبەتمەندییەکی جوگرافی تایبەت بەخۆی هەیە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەوانە: (ناوەندی شوێنیی **Mean center**)، (ئاڕاستەی دابەشبوون **Directional Distribution**) (دووری پێوانەیی **Standard Distance**). تێکرایی نزیکترین هاوسێ: **Average Nearest Neighbor**، کە دەکرێت بەکاریان بهێنین بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشت و تایبەتمەندی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی قەزای زاخۆ.

### 1-1-3 ناوەندی شوێنیی Mean center .

ناوەندی شوێنیی بەهەنگاوی یەکەم دادەنرێت بۆ زانینی سروشتی دابەشبوونی دیاردەکان، لەبەر ئەوەی شوێنێکی ناوەندی دیاریدەکات، کە دەکەوێتە سەنتەری ڕەگەزەکانی دیاردەکە (عبدارحمان، 2014،ص 20) لە چوارچێوەی هاوکێشەیەکی تایبەتدا ئەو خاڵەش دەکەوێتە ناوەراستی سەرجەم پێوەرەکانییەوە کەوا لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە و بڵاوبوونەتەوە. (حمەعلی، 2016،لا116). هەروەها ئامانجی دیاریکردنی چەقی ناوەندییە بۆ هەر دابەشبوونێکی شوێنیی کە جوگرافیزانان بەکاریدەهێنن لە توێژینەوەکانی دابەشبوونی شوێنییدا (السماك والعزاوی،2011،ص161) ئەمەش لەرێگای هەژمارکردنی ناوەندی تەوەرەی (X) و تەوەرەی (Y) بۆ گشت دیاردەکانی جوگرافییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەکە (الشافعی،2008،ص386)، ئەم پێوەرە سوودی لێوە وەردەگیرێت بۆ بەراوردکردنی نێوان دابەشبوونی ڕەگەزەکانی دوو دیاردە یان زیاتر لە شوێنێکی دیاریکراو یاخود بۆ دیاریکردنی گونجاوترین شوێن بۆ ڕەگەزێك، کە پێویستە شوێنێکی ناوەندی هەبێت تێکڕایی نزیکترین تایبەتمەندی بنوێنێت (عبدالله، 2012،ص32).

گونجاوترین شوێن بۆ دەستنیشان کردنی تایبەتمەندی دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ بەگوێرەی پێوەری ناوەندی شوێنی بۆمان دەردەکەوێت: کەوا ناوەندی شوێنیی خزمەتگەوارییە تەندروستییەکان قەزای زاخۆ دەرئەنجامەکەی لە نەخشەی ( 3)دا دەردەکەوێـت، بەجۆرێك ناوەندی شوێنییەکەیان کەوتووتە ناوەڕاستی شار و و بە دیاریکراویش بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی ناوەندی قەزا، ئەمەش خاڵی ڕاکێشکردنی سەرەکی دەنوێنێت بۆ دابەشبوونەکان یاخود سەنتەری جوگرافی گردبوونەوەکانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 2-1-3 ئاڕاستەی دابەشبوون (Directional Distribution).

ئاڕاستەی دابەشبوون بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئاڕاستەی پەرتبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان (العزاوي ، محمود، 2011، ص 12) ئەم پێوەرە لە جوگرافیادا بە گرنگ دادەنرێت بۆ دیاریکردنی ئاراستەی دیاردەکان بەجۆرێك سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ ئەنجامدانی کردارەکانی پلاندانان. ئەم پێوەرە پێوەری لە دووری پێوانەیی دەچێت، بەڵام لە هەژمارکردندا جیاوازە لەگەڵیدا بە دوو ئاراستەی جیاواز، یەکەمیان لەسەر تەوەری (**X**) و دووەمیان لەسەر تەوەری تەوەری (**Y**) لە ئەنجامدا شێوەیەکی هێلکەیی دەردەچێت (عزیز،2013، لا16). بۆ گەیشتن بە دیاریکردنی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە پشت بەستراوە بە تەکنیکی Directional Distribution)، لە چوارچێوەی (Measuring Geographic Distribution ) لەژێر لیستی (Spatial Statistics Tools) دا هەیە. خشتەی (5) نەخشەی (3) تایبەتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان.

لەدوای جێبەجێکردنی تەکنیکی ئاڕاستەی دابەشبوون((Directional Distribution، لە چوارچێوەی بەرنامەی (Arc Gis) لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان قەزای زاخۆ بەو دەرئەنجامە گەیشتین: ئاڕاستەی ڕاستەقینەی بڵاوبوونەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان قەزای زاخۆ کە شێوەیەکی هێلکەیی وەرگرتووە لە تەرزەکانی دابەشبوونی لە سنووری نێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵاتد بە لار بوونەوەیەکی کەم بەرەو باشووری رۆژهەڵاتدا، پلەی سوراوەی (138) پلەیە، بەجۆرێك (65%) ی خاڵی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی گرتۆتە خۆ، ئەمەش پەیوەستە بە شێوەی فراوانبوونی قەزاکە و شێوەیەکی درێژکۆڵانەی وەرگرتووە، هەروەها ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەیان هەمان ئاڕاستەی فراوانبوونی قەزاکەیە و بڵاوبوونەوەی دانیشتوانی وەرگرتووە، ئەمەش کاری کردۆتە سەر توانستی وەزیفی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان، ئەمە جگە لەوەی خزمەتگوزارییەکان شێوازێکی چڕیان وەگرتووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (5) :ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ 2020

| بەهای تەوەرەکانی ئاراستەی دابەشبوون | | | ڕێژەی سەدی ژمارەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ناو شێوە هێلکەییەکە |
|---|---|---|---|
| بەهای X (م) | بەهای Y (م) | پلەی سوورانەوە | 65 |
| 4521 | 3771 | 138 | |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی  ئاراستەی دابەشبوون لە چوارچێوەی پرۆگرامی (**ArcGis.v.10.8**)

### 3-1-2 دووری پێوانەیی (Standard Distance).

دووری پێوانەیی هاوشێوەیی لاربوونەوەی پێوانەییە لە ئاماری وەسفیدا، ئامانج لە بەکارهێنانی دەستکەوتنی وەسفێکی وردە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەکە لە دەوری ناوەندی چەق، دووری پێوانەیی بریتییە لە نیوەتیرەی بازنەیەك کە دەست پێ دەکات لە ناوەندی چەقی دیاردەکان، ئامانج لە بەکارهێنانی گەیشتنە بە چۆنییەتی بڵاوبوونەوەی بنکە تەندروستییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و دیاریکردنی تەرزەکەیەتی لەنێوان دابەشبوونی سروشتی و گردبوونەوە و پەرشوبڵاویدا، دووری پێوانەیی هەر دابەشبوونێکی، بریتییە لە ڕەگی دوجای چوارگۆشەکانی لابوونەوەی خاڵەکان لە ناوەندی چەقی ئەو خاڵانە، ئەگەر هاتوو ئەو بازنەیەی، یەکسانە بە دووریەکی پێوانەیی(68.27%) توخمەکانی دیاردەکانی لەخۆ گرتبوو، ئەوە توخمەکانی ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبووە و جگە لەمە هەر جۆرە دابەشبوونێك دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەند فاکتەرێکی ترەوە. (عبدالله و حسن ، 2008، ص106)، بەجۆرێك دووری پێوانەیی  لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە دایە لەگەڵ پەرتبوونی دیاردەکە، هەرچەندە بەهای دووری پێوانەیی گەورەتر بێت لە ناوەندی چەقی دیاردەکەوە ئەوەندە توخمەکانی دیاردەکە بڵاوتر دەبن و لەیەکتر ناچن، بە پێچەوانەی چڕی توخمەکانی دیاردەکە بەرزتر دەبێەوە لە چواردەوری ناوەندی چەقی دیاردەکان بەکەمبوونەوەی بەهای دووری پێوانەیی.

پاش بەکارهێنان و شیکرنەوەی دووریی پێوانەیی لە تەکنیکی (Standard Distance)  لە ژێر هەردوو لیستی (Measuring Geographic) (Distributions)  و(Spatial Statistics Tools) ، بەشێوەیەکی


گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەک بەدوای یەکدا لە بەرنامەی Arc Gis و جێبەجێکردنی لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان قەزای زاخۆ وەک لە خشتەی (6) و نەخشەی ( 3) تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان لە دابەشبوونیان بەدەوری ناوەندە شوێنیەکاندا زیاتر مەیلیان بەرەو دابەشبوونێکی سروشتی دەچێت، شێوازێکی چڕیان وەرگرتووە، بەگوێرەی دەرئەنجامی دووری پێوانەیی کەیان، کە جیاوازە لە ڕێژەی سروشتییەوە، بەجۆرێك ڕێژەی ئەو خزمەتگوزاری تەندروستییەکان کەوتوونەتە ناو یەك دووری پێوانەییەوە، کە بریتییە لە(75%)، هەروەها دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ دا بەڵگەیەکی بەهێزی پلاندانمان نیشان دەدات.

خشتەی (6) دەرئەنجامی دووری پێوانەیی لە قەزای زاخۆ دا ساڵی 2020

| گۆڕاوەکان | دووری پێوانەیی بە مەتر | ڕێژەی سەدی ئەو خزمەتگوزارییەی کەوتۆنەتە ناو بازنەیەکی یەکسان بە یەك دووری پێوانەیی % |
|---|---|---|
| قەزای زاخۆ | 1257 | 75 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




کاری توێژەران: پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی بەشی ئامار، ساڵی2022.
سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی دووری پێوانەیی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (Arc Gis.v.10.)

## 2-3-شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە قەزای زاخۆ

بریتییە لەو ئاراستە و شێوەیەی، کە خاڵەکانی دیاردەیەکی جوگرافی وەریدەگرێت لە دابەشبوونە شوێنیەکەی لەسەر ڕووی زەوی، زەویدا و پاشان پەیوەندی شوێنی هەر خاڵێکی دیاردە توێژکراوەکە بەوانی تر دیاری دەکات. ئەنجام دەبێت خاڵەکان لە یەکتر نزیك بن و ماوەی نێوانیان ڕێك و نارێك بن، یان دەبێت خاڵەکان لە یەك دوور و ماوەی نێوانیان ڕێك یان نارێك، یانیش هەرەمەکی بن.

### 1-2-3 هاوکۆلکەیی نزیکی دراوسێیەتی: Average Nearest Neighbor

شیکردنەوەی نزیك دراوسێیەتی بە یەکێك لە شێوازە ئامارییە باوەکان هەژمار دەکرێت، کە جوگرافیناسان بۆ دیاریکردنی شێوازی دابەشبوونی دیاردە خاڵییەکان لە ڕووبەرێکی دیاریکراودا پشتپێدەبەستن، لەبەر ئەوەی ئەنجامی ورد دەدات بە دەستەوە لە لایەنی دەرخستنی بۆ پەیوەندی شوێنی نێوان توخمەکانی دیاردەکە ، لە هەمان کاتدا جگە لە دەرخستنی ئاستی بڕوایی نموونە ئامارییەکانی بەرهەم هاتووەکە، مەودای بڵاوبوونەوەی یان گردبوونەوەیان دەردەخات.

نرخی ئەم پێوەرە لە نێوان (0) بۆ (2.149)ە. بەجۆرێك نرخی (سفر) شێوازی کۆکراوەیی ئەنوێنی و(0.1 – 0.5) لەیەك نزیکی نارێك و(0.6 – 0.9) لەیەك نزیکی بەرەو هەڕەمەکی و یەکی تەواو شێوازێکی هەڕەمەکی دەنوێنێت. لە (1.1 – 1.9) شێوازێکی لە یەك دوور، هەروەها (2.0 – 2.149) شێوازێکی ڕێك و پێك دەنوێنێت (السماك و العزاوي ،2011،ص 213).

بە جێبەجێ کردنی هاوکۆڵکەی نزیکی دراوسێیەتی لە سەر داتاکانی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان قەزای زاخۆ وەک لە خشتە (7) ، و شێوەی ( 1 ) و شێوەی(١) دا خراوەتە ڕوو نرخی پلەی پێوەری (Z-Score)، (٢) بوو، کە ئەم نرخەش دەکەوێتە دەرەوەی پشتێنەی ناچاری (2.58) Critical Value تا 2.58 واتە کەوتۆتە ناوچەی پەسەند نەکراو، لەبەر ئەوە گریمانەی بنەڕەتی ڕەتدەکەینەوە، کە دەڵێت شێوازی خزمەتگوزاری تەندروستیەکان شێوازێکی هەرەمەکییە و دەرئەنجامی هۆکاری ڕێکەوت بووە، بۆیە گریمانەی جێگرەوە قبوڵ دەکەین کە دەڵێت شێوازی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان شێوازێکی تایبەت و ڕێکخراوە لەژێر کاریگەری هۆکاری دیاریکراو دایە و دوورە لە شێوازی هەرەمەکی و ئاستی باوەڕپێکردن گریمانەکە بریتییە لە (0). بەو واتایەی ئەگەری هەڵە نییە لە قبوولنەکردنی گریمانەی جێگرەوە واتە (100%)، ئەگەر ڕاستی لە گریمانەکە هەیە، و نرخی شیکردنەوەی پەیوەندی هاوسێیەتیەکەشی گەیشتۆتە (0.8)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شێوازی دابەشبوونەکەیان شێوازێکی لەیەك نزیکی بەرەو هەڕەمەکی، هۆکاری سەرەکیش بریتییە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێویستیان بە پسپۆڕییە جیاوازەکانی یەکتری هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان. ئەوە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی دووری لە یەکترییان و سەختی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرزی و نزمی ناوچەی توێژینەوە کاریگەی دەبێت لەسەر دابەزینی ئاستی کارایی وەزیفی ئەم خزمەتگوزارییە تەندروستییان لە جێبەجێکردنی پێشکەشکردنی ئەرکەکانیان.


خشتەی (7) دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزاریی تەندروستیەکان لە **قەزای زاخۆ** ساڵی2020.

| بەهای پەیوەندی هاوسێیەتی | بەهای پێوەری Z_ score | بەهای پێوەری p-value | ئاستی باوەڕ پێکراو Signification level | بار | شێوەی دابەشبوونی دامەزراوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 0.8 | 1.7 | 0.07 | 0.01 | پەسەند نەکراو | شێوازێکی لەیەك نزیکی بەرەو هەڕەمەکی |

سەرچاوە: بنکەی زانیاریە بەدەستهاتووەکان لە جێبەجێکردنی پەیوەندی هاوسێیەتی لە چوارچێوەی پرۆگرامی (**ArcGis.v.10.8**).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرئەنجامی پەیوەندی هاوسێیەتی خزمەتگوزاریی تەندروستیەکان لە **قەزای زاخۆ** ساڵی2020.




کاری توێژەران پشت بەستن بەخشتەی (7)

**4-هەڵسەنگاندنی توانستی وەزیفی خزمەتگوزاری تەندروستی لەناوچەی لێکۆڵینەوە:**

هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هۆکاریکە بۆ دەرخستنی تواناى خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەهەر ناوچەیەکدا، لەبەر ئەوەی دەبێتە مایەی بەرچاو روونی بۆ بەرپرسان تا بزانین خزمەتگوزارییەکان لەچ ئاستێکدایە. بەجۆرێك بنەمایەکی سەرەکییە لەکاتی پلاندانادا بەمەبەستی دەرخستنی توانستی خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەشی دانیشتوان دەکرێت.

٣-١-١ پێوەری وەزیفی:

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێوەری جیاواز بەکاردەهێنن و لەم بەشەی توێژینەوەکەمان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستی ئەم خزمەتگوازرییە پێوەری وەزیفیمان پێرەو کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1- پێوەری ژمارەی دانیشتوان بۆ پزیشك :**

بەیەکێك لە پێوەرەکان دادەنرێت بۆ هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ئەم پێوەرە وەکو پێوەرێکی زانستی بەکاردێت بۆ دیاریکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتوان، پەیوەندی نێوان دانیشتوان و پزیشك ڕوون دەکاتەوە، ئەم پێوەرە لە ولاتێك بۆ ولاتێکی تر جیاوازی هەیە، بەپێی پێوەری جیهانی پزیشکێك بەرامبەر (700) کەسە، ئەم خزمەتگوزارییە بەپێی پێوەری عێراقی بۆ هەر (١٠٠٠) کەس لە دانیشتوان (١) پزیشك دیاری کراوە((صفر،2015، ص322). لە کاتی بەراورکردنی تێکڕایی ژمارەی دانیشتوانی قەزای زاخۆ بۆ هەر پزیشکێك. بەگوێرەی پێوەری عێراقی، لە خشتە (8) دەخەینە ڕوو.

خشتەی (8) تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە پزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی2020 .

| یەکە کارگێرییەکان | دانیشتوان/کەس | ژمارەی پزیشك | تێکرایی دانیشتوان / پزیشك | پزیشکی پێویست | کەمی پزیشك ((النقص)) |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 245198 | 152 | 1613 | 245 | 93 |
| دەرکار | 20969 | 9 | 2329 | 21 | 12 |
| باتیفا | 28251 | 11 | 2568 | 28 | 17 |
| **ڕزگاری** | 24960 | 7 | 3565 | 25 | 18 |
| گشتی | **319,378** | 179 | 1784 | 319 | 140 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

بە سەنجدان لە خشتەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکرێت کەوا ناوچەی لێکۆڵینەوە هەژارە لە ڕووی ژمارەی پزیشکی پێویست بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو و شایستە بە دانیشتوانی قەزاکە، بەپێی پێوەری عێراقی پێویستیان بە 140 پزیشکی تر هەیە، بە جۆرێك ناحیەی سەنتەر(93) پزیشکی کەمی هەیە ناحیەی دەرکار (12) پزیشك. هەروەها لەڕووی پێوەری ناوبراو گشت ناحیەکە ناشایستەن، بەجۆرێك ناحیەی سەنتەر تێکرایی دانیشتوان بۆ پزیشك (1613)، هەروەها لەسەر ئاستی قەزا تێکراکە (1784)کەس/ پزیشکە. بەجۆرێك بە پێوەری دانیشتوان بۆ

پزیشك لەسەر ئاستی ناحیە و قەزادا ناوچەی لێکۆڵینەوە نارێکی زۆر پێوە دیارە هۆکاری ئەم نارێکییە، دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێ نەکردنی پێوەرەکانی بەکارهاتوو و لەلایەك و لەلایەکی دیکە دانەمەزراندنی پزیشك لة لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

## 2-پێوەری دانیشتوان بۆ قەرەوێلە:

پێوەری دانیشتوان بۆ قەرەوێلە بە پێوەرێکی گرنگ دادەنرێت، ڕێبەرێکی گرنگە بۆ پێوانەکردنی ئاستی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان لەهەر دامەزراوەیەکی تەندروستیدا لەبەر ئەوەی گۆڕاوێکە جۆری خزمەتگوزارییە پزیشکی و تەندروستیەکان و قەبارەیان پێ دیاریدەکرێت. لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی گونجاو بۆ دانیشتوان ، کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی دانراوە، بەپێی پێوەری عێراقی یەك قەرەوێلە بۆ 200 کەسە. .(وزارة التخطيط، 1977، ص56).خشتةي (9 )

خشتەی (9) تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە قەرەوێلە لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی2020 .

| یەکە کارگێرییەکان | دانیشتوان/کەس | ژمارەی قەرەوێلە | تێکرایی دانیشتوان/ قەرەوێلە |
|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 245198 | 245 | 1000 |
| دەرکار | 20969 | - | - |
| باتیفا | 28251 | - | - |
| **رزگاری** | 24960 | - | - |
| گشتی | **319378** | 245 | 1303 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، 2020

بەسەرنجدان لە خشتەی سەرەوە تێبینی دەکرێت کەوا ناوچەی لێکۆلینەوە بەگوێرەی پێوەری ناوبراو لەسەر ئاستی ناحیە و قەزادا، کەموکورییەکی زۆر بەدی دەکرێت، بەجۆرێك لەسەر ئاستی ناحیەدا ناحیەی (سەنتەر) کەمترین ئاستی تۆمار کردووە، کە بۆ یەك قەرەوێلە بەرامبەر (1000)، کەسە. هەروەها لەسەر ئاستی قەزاشدا (1303) کەسە، بەڵگەیی لاوازی و ناهاوسەنگی بەدەردەکەوێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەنێوان ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی قەرەوێلەکانی نەخۆشخانەکاندا. کە ئەمەش کاردانەوەی خراپی هەیە لەسەر ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ دانیشتوانی قەزاکە. هەر بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە زیادکردنی ژمارەی قەرەوێلە هەیە بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەشێوەیەکی تەندروست پێشکەش بە دانیشتوان بکرێت.

**3-پێوەری دانیشتوان بۆ دەرمانخانە:**

دەرمانخانەکان بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستین لە ڕێگەیەوە داودەرمانی پێویست بۆ نەخۆش دابین دەکەن. بەپێی پێوەرە نێوخۆییەکان هەر دەرمانخانەیەک بۆ (٢٠٠٠) (الکبیسی،2009، ص79)کەس لە دانیشتوان دیاری کراوە. جێگای ئاماژەیە ناوچەی لیکۆڵینەوە (23) پێنج دەرمانخانە لە خۆ دەگرێت بڕوانەی خشتەی (10).

خشتەی (10) تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بەرامبەر بە دەرمانخانە لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی2020 .


| یەکە کارگێرییەکان | دانیشتوان/کەس | ژمارەی دەرمانخانە | تێکرایی دانیشتوان/ دەرمانخانە |
|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 245198 | 17 | 14423 |
| دەرکار | 20969 | 2 | 10484 |
| باتیفا | 28251 | 2 | 14125 |
| **رزگاری** | 24960 | 2 | 12480 |
| گشتی | **319,378** | 23 | 13886 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (4).

بەسەیرکردنی خشتەی سەرەوە تێبینی دەکرێت کەوا یەکە کارگێریەکانی ناوچەکە، لە ڕووی پێوەری ناوبراو گونجاون، بەجۆرێك ناحیەی  سەنتەری قەزا (17) دەرمانخانە هەیە تێکرایی بەرامبەر دانیشتوان بۆ دەرمانخانە (14423) هەریەکە لەناحییەکانی دەرکار و باتیفا و ڕزگاری (2) دەرمانخانە، تێکراییەکانیان بەرامبەر دەرمانخانە یەك لەدوای یەك (12480-14125-10484)، بەجۆرێك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناهاوسەنگییەکی ئاشکرا هەیە لە دابەشبوونی دەرمانخانەکان لە ناحیەکانی قەزاکە، بە شێوەیەک لە ناحیەی باتیفا(5) بنکە لە خۆ دەگرێت و(2) دەرمانخانە هەیە، هەروەها هەر دەرمانخانەیەک بە تێکڕا خزمەتی (13886) کەس لە قەزاکە دەکات. بەشێوەیەکی گشتی تێکرایی ژمارەی دانیشتوان بۆ دەرمانخانە گونجاوە لە ناوچەی لیکۆڵینەوە.




سەرچاوە: خشتەی (11).

## 4- پێوەری ژمارەی پەرستار بۆ پزیشك:

پێوەری پەرستیار بۆ پزیشك، بە هۆکارێکی گرنگ و بنەڕەتی دادەنرێت، لە خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەگوێرەی پێوەری جیهانی (3) پەرستیار بەرامبەر(١) پزیشکە (الدليمي،2009،ص157)، بەگوێرەی پێوەری عێراقی (بۆ هەر بزیشکێك چوار پەستیارە(صفر،2015، ص459) بڕوانةي خشتەی (11)

خشتەی (11) : تێکرایی ژمارەی پەرستیار بەرامبەر بەپزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2020

| **یەکە کارگێرییەکان** | ژمارەی پزیشك | ژمارەی پەرستیار | پەرستیار/ **پزیشك** | **کەمی** پەرستیار **(النقص)** |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 152 | 395 | 2.5 | 105 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دەرکار | 9 | 25 | 2.7 | 11 |
| باتیفا | 11 | 22 | 2 | 22 |
| **رزگاری** | 7 | 31 | 4.4 | + |
| گشتی | 179 | 473 | 2.6 | 138 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەموکورپییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی پەرستیارەکان بەسەر بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکانی قەزاکە، گشت یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە ژمارەی پەرستیاریان کەمە بەراوورد بە تێکڕای ژمارەی پەرستیاران بۆ هەرپزیشکێك، یەکە کارگێرییەکانی ناوچەکە بە پێی ژمارەی پزیشکەکانی پێویستییان بە پەرستیار هەیە، بەجۆرێك ناحیەی سەنتەر (105) کەمی پەرستیاری هەیە، هەروەها هەریەکە لە ناحیەکانی باتیفا و دەرکار یەك لەدوای یەك (22 – 11) پەرستیاریان هەیە. هەروەها بە پێی پێوەری عێراقی یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە پێویستی بە (138) پەرستیاری تر هەیە بە پێی ژمارەی پزیشکەکانی قەزاکە.

### 5- پێوەری خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشك:

یەکێکە لە پێوەرە گرنگ و بەکارهاتووەکان بۆ پێشکەشکردن و توانای خزمەتگوزاریی تەندروستی لەهەر ناوچەو شوێنێکدا. جێگای ئاماژەیە پێوەرە نێوخۆییەکان هەر (٣) سێ خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ هەر پزیشکێک داناوە (سلمان، 2007،ص 273)، خشتەی (12)

خشتەی (12) : تێکرایی ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستی بەرامبەر بەپزیشك لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2020

| یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی پزیشك | ژمارەی خاوەن پیشەی تەندروستی | پیشەی تەندروستی / پزیشك | **کەمی** پیشەی تەندروستی **(النقص)** |
|---|---|---|---|---|
| ناوەندی قەزا | 152 | 241 | 1.5 | 215 |
| دەرکار | 9 | 11 | 1.2 | 16 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| باتیفا | 11 | 16 | 1.4 | 17 |
| **رزگاری** | 7 | 9 | 1.2 | 12 |
| گشتی | 179 | 277 | 1.5 | 260 |

کاری توێژەران : پشت بەستن بە خشتەی ژمارە (3).

بەسەیرکردنی خشتەی سەرەوە نا هاوسەنگییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێرییەکان قەزاکە، بەجۆرێك ناحیەکانی دەرکار و رزگاری تێکرایی خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشك تەنها (1.2)، تێکڕای گشتی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بەپێی ژمارەی پزیشکەکان و بەپێی پێوەری کار پێکراو لە عێراق (1.5) خاوەن پیشەی تەندروستییە، ئەمەش کەمترە لە پێوەری دیاری کراو. یەکە کارگێرییەکان ناوچەکە پێویستیان بە (260) خاوەن پیشەی تەندروستی تر هەیە. بە پێی ژمارەی پزیشك لە یەکە کارگێرییەکان بەجۆرێك ناحیەی ناوەندی قەزا (215) و باتیفا (17) هەریەکە لە ناحیەکانی دەرکار و رزگاری یەك لەدوای یەك (12 -16) خاوەن پیشەی تەندروستییە. لەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەگوێرەی پێوەری بەکارهاتوو ناوچەی لێکۆلینەوە لەسەر ئاستی ناحییە و قەزادا نارێکیەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، کە ئەمەش ڕەنگدانە و کاریگەر لەسەر توانستی خزمەتگوزاری تەندروستی دروست دەکات، کە نەتوانن بەشێوەیەکی باش و رێکوپێك چاودێری نەخۆشەکان بکەن. بۆیە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە زیادکردنی فەرمانبەری هەیە.

### ئاسۆیی داهاتووی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە لە قەزای زاخۆ

شار بوونەوەیەکی زیندووە و بەردەوام **لە** گەشەی ژیاندایە، ئەمەش پێویستە پلانی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی هاوسەنگ هەموو بەشەکانیدا بەردەوام بێت. گەشەی شارەکە دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ گەشەی خزمەتگوزارییەکانی بێت، لەوانە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بۆیە پێویستە پلاندارێژەرانی بۆ هاوئاهەنگکردنی مەرجەکانی ئەم قۆناغە و فراوانبوونی لە داهاتوو بەدواداچوون بۆ ئەم جۆرە گۆڕانکارییانە بکەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکێك لە پێناسەکانی پلاندانی تەندروستی ئامادەکارییە بۆ داهاتوو تا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بگات بە ئامانجە دیاریکراوەکان

بەم شێوەیە خۆئامادەکردن بۆ ئاسۆی داهاتوو پێویستییەکی بەپەلەیە بۆ پێشکەوتنی شوێنەکە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم شوێنە بە بەکارهێنانی قورسی چالاکی مرۆڤ بناسرێت.

ئامانجی سەرەکیش بریتییە لە: زانینی پێداویستییەکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی بنەڕەت (2020) تا ساڵی ئامانج (2040 )، لەم تەوەرەدا توێژەران پشتیان بە هەڵسەنگاندنی ئەم پێداویستییە بەستووە، کە لەژێر کاریگەری ئاماژەکانی دانیشتوان هاتۆتەکایەوە.

لە ڕوانگەی ئەم ڕاستییەوە بۆ مەزەندەکردنی قەبارەی دانیشتوانی لە قەزای زاخۆدا لە داهاتوودا پشت دەبەستین بە زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان، بەگوێرەی داواکارییەکانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، و پشت بەستن بە زیادەی ساڵانەی دانیشتوان، کە لە ماوەی ساڵانی (2009- 2020) دا ڕێژەکەی گەیشتووەتە (3.1). ئەمەش مەزەندە دەکرێت، تا ساڵی (2040) ژمارەی دانیشتوان لە قەزاکەدا بگاتە (588123) کەس. بڕوانەی خشتەی (13)، ئەو زیادبوونەی ژمارەی دانیشتوان داهاتوودا پێویستی بە خزمەتگوزاریی تەندروستی گەورە دەبێت، لەبەر ئەوەی داواکارییەکانی دانیشتوان بەردەوام لە زیادبووندایە، پێویستە دابین بکرێت.

خشتەی (13) :مەزەندەکردنی ژمارە دانیشتوانی لەقەزای زاخۆ بۆ ساڵی (2020 -2040)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان | ساڵ | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| 2020 | **319,378** | 2033 | 474964 |
| 2021 | 329278 | 2034 | 489687 |
| 2022 | 339485 | 2035 | 504867 |
| 2023 | 350009 | 2036 | 520517 |
| 2024 | 360859 | 2037 | 536653 |
| 2025 | 372045 | 2038 | 553289 |
| 2026 | 383578 | 2039 | 570440 |
| 2027 | 395468 | 2040 | 588123 |

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


| | | | |
|---|---|---|---|
| 2028 | 407727 | | |
| 2029 | 420366 | | |
| 2030 | 433397 | | |
| 2031 | 446832 | | |
| 2032 | 460683 | | |

کاری توێژەران: پشت بەستن بە جێبەجێ کردنی هاوکێشەی بەدوای یەکهاتنی ئەندازەیی لەسەر ژمارەی دانیشتوانی بۆ ساڵی(2020) و رێژەی زیادبوونە ساڵانەکەی.

بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی قەزای زاخۆ بۆ ساڵی (2020) تاوەکو ساڵی (2040) پشتمان بەستووە بە هاوکێشەی بەدوای یەکداهاتنی ئەندازەیی بە گوێرەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

$P_n = P_o (1 + r/100)^n$

$P_n$: ژمارەی دانیشتوانی ساڵی مەبەست. 2040

$P_o$: ژمارەی دانیشتوان ساڵی بنەرەت. 2020

r: درێژی ماوەی نێوان ساڵی بنەڕەت و ساڵی مەبەست. (2020-2009) رێژەکەی (3.1 %).

n : رێژەی زیادبوونی نێوان ساڵەکان تا ساڵی مەبەست. (20) .(ابوعينايه، 1986ص560،)

بۆ مەزەندەکردنی پێداویستییەکانی قەزای زاخۆ بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پشت دەبەستین بە پێوەرەکانی پلاندانان، کە بەکاردەهێنرێت بۆ بونیادنانی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەك: توانا و شوێنی و وەزیفییەکانیان بگونجێت لەگەڵ داواکارییەکانی دانیشتواندا.

پێداویستی بۆ نەخۆشخانەکان بەگوێرەی پێوەری دانیشتوان (20000) کەس بۆ هەر (نەخۆشخانەیەکی ناوەندی)یە، بە سەرنجدان لە خشتەی (14)، پێداویستییەکانی داهاتوو لە قەزای زاخۆ تێدا خراوەتە ڕوو، بەگوێرەی پلانی ساڵی(2040)، (29) نەخۆشخانەی پێویستە.

ژمارەی دانیشتوان بە شێوەیەکی بەردەوام زیاد دەکات، ئەم زیاد بوونەش پێویستی بە ژمارەی پزیشك دەبێت بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشەکان بە گوێرەی پێوەری عێراقی (1000) کەس بۆ هەر پزیشکێك دانراوە) پزیشکە و بەگوێرەی پلانی ناوبراو ناوچەی لێکۆلینەوە پێویستی بە ( 588) پزیشك هەیە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەبارەت بە ژمارەی پەرستیار کەوا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پزیشکەوە هەیە لە کاری خزمەتگوزاریی تەندروستدا و تەواوکەری یەکترن، بە گوێرەی وەزارەتی تەندروستی (4) پەرستیار بۆ هەر پزیشکێکە، سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی پلانی ساڵی (2040) (2352) پەرستیاری پێویستە.

سەبارەت بە قەروێلە کە لە نەخۆشخانەکاندا بوونی هەیە پەیوەندیەکی بەهێزی بە دانیشتوانەوە هەیە، بەگوێرەی پێوەری عێراقی (200) کەس بۆ هەر قەروێلەیەك دانراوە، قەزای زاخۆ بۆ ساڵی (2040) (2940) قەروێلەی پێویستە، . (بڕوانە: خشتەی ژمارە 14)

خشتەی (14)خزمەتگوزاری تەندروستی مەبەست ناوچەی لێکۆلینەوەبۆ ساڵی (2040)

| ژمارەی دانیشتوان مەزەندەکردن 2040 | ژمارەی نەخۆشخانە ناوەندی لە کۆتایی هەر قۆناغێك | ژمارەی پزیشك لە کۆتایی هەر قۆناغێك | ژمارەی پەرستیارداواکار لە کۆتایی هەر قۆناغێك | ژمارەی قەروێلە داواکار لە کۆتایی قۆناغێك |
|---|---|---|---|---|
| 588123 | 29 | 588 | 2352 | 2940 |

کاری توێژەر بە پشت بەستن بە خشتەی ( 13 )

<u>**دەرئەنجام:**</u>

1. پێشکەشکردنی گونجاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی پەرەپێدان، ئەویش بەندە بە پێکهاتەی خزمەتگوزارییەکە، و ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستی پێک دێت لە( 17) بنکەی تەندروستی و(179) پزیشگی گشتی و پسپۆری تایبەتی و(473) پەرستیار و (277) خاوەن پیشەی تەندروستی، کە بەسەر تەواوی بنکە تەندروستییەکاندا دابەشبوونە، و هەروەها (23) دەرمانخانە و( 9) تاقیگە لە خۆ دەگرێت. جێگای ئاماژەیە ئەم پێکهاتەیە توانای پێشکەشکردنی شیاوترین خزمەتگوزاری نییە بۆ دانیشتوانی قەزاکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. بەجێبەجێکردنی پێوەرەکانی شیکردنەوەی شوێنجێیەتی لە بەرنامەکانی سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان ArcGIS .v.10.8 دەرکەوت ناوەندی شوێنجێیەتی لە قەزاکە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سەنتەری قەزا و ئاراستەی دابەشبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان شێوەی هێلکەیی(138°) یە و ناگونجێت لەگەڵ فراوانبوونی دانیشتوانی قەزاکە ئەمەش نەرێنییە و دووری پێوانەیی سروشتییە ، شێوازێکی چریان وەرگرتووە (75٪)، ئەمەش بە خاڵی بەهێزی پلاندانان هەژماردەکرێت و هاوکۆڵکەی نزیکی(دراوسێیەتی) لە شێوازی لێکدوورە ( باری پەسەندنەکراو- 0.8 ) و بڕی **Z score= 1.7** بوو. ئەمانەش بەڵگەن لەسەر نارێکی لە دابەشبوونی بنکە تەندروستییەکان و پزیشک و کارمەندانی تەندروستی لە قەزاکە.

3. لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە لە ئەنجامی نا هاوسەنگی لە دابەشبوونی پزیشك و کارمەندە تەندروستییەکان لاوازییەکی بەرچاو لە توانا و ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە نەخۆشخانە و بنکە و یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکەدا هەیە، بەجۆرێك بەپێی پێوەی عێراقی پێویستیان بە (140) پزیشك هەیە.

4. نا هاوسەنگییەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لە یەکە کارگێرییەکان قەزاکە، بەجۆرێك ناحیەکانی دەرکار و رزگاری تێکرایی خاوەن پیشەی تەندروستی بۆ پزیشك تەنها (1.2)، تێکرای گشتی خاوەن پیشە تەندروستییەکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە بە پێی ژمارەی پزیشکەکان وبەپێی پێوەری کار پێکراو لە عێراقدا (1.5) خاوەن پیشەی تەندروستییە، ئەمەش کەمترە لە پێوەری دیاریکراو.

5. مەزندەکردنی ژمارەی دانیشتون لە ناوچەی لیکۆڵینەوە بۆ ساڵی (2040)، ژمارەی دانیشتوانی گەیشتۆتە (588123)کەس، ئەم ژمارەیە پێویستی بە (29) نەخۆشخانە و (588) پزیشك، (2352) پەرستیار، (2940) قەرەوێلەیە هەیە.

## ڕاسپاردەکان:

بە پشت بەستن بە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە توێژینەوەکە ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:-

1. دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی سەردەمیانەی تایبەتمەند بە چارەسەرکردنی نەخۆشییە گوازراوەکان، بەمەبەستی پێشکەشکردنی شیاوترین خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دانیشتوانی قەزاکە.
2. گرنگی زیاتر بە توێژینەوەی لەم جۆرە بدرێت، تا لەو ڕێگایەوە بە ئاسانی دەستنیشانی ئەو گرفتانە بکرێن، کە لە ئەنجامی جیاوازی دابەشبوونی جوگرافی ڕووبەڕووی خزمەتگوازرییە تەندروستییەکان دەبنەوە.
3. بە پشت بەستن بە پێوەر و تەکنیکە نوێییەکانی وەك سیستمی زانیارییە جوگرافییەکان، دووبارە خزمەتگوزارییەکان ڕێکبخرێنەوە.
4. دامەزراندنی کارمەندی تەندروستی بەگوێرەی پێویستی بنکەکانی قەزاکە بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەوا لە کەرتی خزمەتگوزاری تەندروستی بەدی دەکرێت.
5. لەبەرچاو گرتنی ژمارە و چڕی دانیشتوان و ئاراستەی فراوانبوونی رووبەری قەزاکە لە کاتی بونیادنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکاندا.

## لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوەی کوردی

- چاپەمەنی و نووسراوە حکومییەکان:

حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە 2020

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی، بەشی ئامار، داتای بڵاونەکراوە 2020

3-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، داتای تایبەت بە دانیشتوان، 2020.

نامەی ماستەر

1-عزیز ، امیر قادر ، هەڵسەنگاندنێکی جوگرافی بۆ بەکارهێنانەکانی زەوی ئاینی لە شاری هەولێر بە بەکارهێنانی سیستەمی زنیارییە جوگرافییەکان (GIS)نامەی ماستەر بلاونەکراوە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،2013.

2-حمه علی ،هەردی عبدالرحمن، دابەشبوونی خزمەتگوزاریی فێرکاری لەشاری هەڵەبجە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێژ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 2016.

دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

أ- الكتب:

1. ابو عيانة،محمد فنحي، جغرافية السكان، دار النهضة العربية للطباعة والنشر،بيروت، 1986
2. الخير، صفوح ، الجغرافية موضوعها و مناهجها و اهدافها، دار الفكر، دمش، 2000.
3. السماك ، محمد ازهر سعيد و عزاوي ، علي عبد عباس ، البحث الجغرافي بين المنهجية التخصصية و الاساليب الكمية و تقنيات المعلوماتية المعاصرة GIs ،دار اليازوري، عمان، الاردن ، 2011 .
4. صفر، زين العابدين علي ، جغرافية المدن، ، ط1، دار الوضاح للنشر، بغداد،2015.
5. صفر، زين العابدين علي ، تخطيط المدن اسس ومفاهيم وتطبيقات، ط1، دار الوضاح للنشر، بغداد، 2015.
6. **الشافعي، شريف فتحي، الدليل العلمي لادارة نظم المعلومات الجغرافية GIS، باستخدام مجموعة برمجيات Arc Gis Desktop دار الكتب العلمية للنشر و التوزيع، القاهرة. (2008).**
7. الدليمي، خلف حسين علي ، تخطيط الخدمات المجتمعية و البنية التحتية اسس-معايير-تقنيات ، ط1، دار الصفاء للنشر و التوزيع ، عمان ، 2009.

ب- الرسائل الجامعيه:

1. الكبيسي ، احمد محمد جهاد دليمى ، كفاءة التوزيع المكانى لمراكز الصحية العامة في مدينة الفوجة باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIS، رسالة ماجستير،(غيرمنشورة)، كليةالاداب، جامعة الانبار، 2009.
2. الجميلى ، رياض كاظم سلمان ، كفاءة التوزيع المكانى للخدمات المجتمعية 0 التعليمية و الصحية و الترفهية) في مدينة كربلاء، اطروحة دكتوراة، كلية تربية (ابن رشد) جامعة بغداد، بغداد،2007.
3. **عبدالرحمن، ريدار نبيل (2014)، التحليل المكانى و الوظيفي للخدمات الصحية في محافظة دهوك، رسالة ماجستير (غيرمنشورة)، سكول الاداب، جامعة دهوك، دهوك.**

**ج-/ البحوث والدوريات:**

1. **نشوان شكري عبداللة و مزكين محمد حسن، تحليل الخضائص المكانية و الوظفية لوحدات الورش الصناعية في مدينة دهوك باستخدام ال GIS، مجلة جامعة دهوك، العدد21،كانون الاول 2008.**

د- مطبوعات الحكوميه:

الجمهورية العراقية ، وزارة التخطيط، هيئة التخطيط الاقليمى، قسم الاسكان والسمتوطنات البشرية، اسس ومعايير مباتى الخدمات العامة، بغداد، 1977.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Spatial Analysis of Health Services in the District of Zhkho by Use Geographic Information System (GIS)

**Sangar Ahmed Hussein**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sanger.hussein@su.edu.krd

**Hoshmand Jawhar Abbas**
Department of Social Sciences, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hoshmand.abbas@su.edu.krd

**Keywords**: Health Development, Efficiency of Use, Spatial Variation, Spatial Planning, Service Standards

## Abstract

Health service is the main service in our research area especially in recent years, the district has been enormously changed especially in terms of population, in line with that, it can be seen a great development of construction and prosperity and this certainly has reflection on the services. Thus, the adjustment between division of the services in general and health service in particular, the changes, has been occurred, are considered as a big obstruction which planners have faced. The aim of the research is analysing of division of health services in Zakho district, and showing the level of the skills towards the area and then estimating the current and future needs of people in Zakho district. Research plan: the aim of the research requires dividing the research into three sections: in the first section an introduction of research area has been highlighted and division of health services in Zakho district, in the second section we analysed the area of health services in the district. In the third section, the evaluation of occupational health service and the future horizon of health services in the district have been emphasised.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**الملخص**

الخدمة الصحية هي الخدمة الرئيسية في مجال البحث لدينا خاصة في السنوات الأخيرة ، وقد تغيرت المنطقة بشكل كبير خاصة من حيث عدد السكان ، تماشياً مع ذلك ، يمكن رؤية تطور كبير في البناء والازدهار وهذا بالتأكيد انعكاس على خدمات. وبالتالي ، فإن التعديل بين تقسيم الخدمات بشكل عام والخدمات الصحية بشكل خاص ، والتغييرات التي حدثت ، تعتبر بمثابة عائق كبير واجهه المخططون. الهدف من البحث هو تحليل تقسيم الخدمات الصحية في منطقة زاخو وبيان مستوى المهارات تجاه المنطقة ثم تقدير الاحتياجات الحالية والمستقبلية لأهالي منطقة زاخو. خطة البحث: الهدف من البحث يتطلب تقسيم البحث إلى ثلاثة أقسام: في القسم الأول تم تسليط الضوء على مقدمة عن مجال البحث وتقسيم الخدمات الصحية في منطقة زاخو ، وفي القسم الثاني قمنا بتحليل مجال الخدمات الصحية في محافظة زاخو. منطقة. في القسم الثالث ، تم التأكيد على تقييم خدمة الصحة المهنية والأفق المستقبلي للخدمات الصحية في المنطقة.